

مەحموود نەجمەدین

# زمان و مەرگ و تراجیدیای کۆتایی

بەشی دووەم

ئابجی خانم دوای ئەوەی کە دڵنیا بوو کەس ئەوی ناوێت و خۆی کوشت، مرۆڤ ئەوەندەی یەک سەرە دەرزی ئومێدی بە ژیان مابێت بیر لە خۆکوژی ناکاتەوە، چونکە دنیای مردن بەهۆی شاراوەییەوە دنیایەکی گەلێک ترسناکە، مرۆڤ هەمیشە لێی رادەکات وەلێ ئەوەی کە بەرەورووی رادەکات دنیای مردنی بەهەموو مەترسییەکانەوە پێ خۆشترە لە ژیانێک کە پڕە لە تاڵی و نائومێدی، ئابجی خانم ئەگەر یەک تۆزقاڵ ئومێدی بە ژیان مابایە هەرگیز بیری لە خۆکوشتن نەدەکردەوە، ئەگەرچی ژیان لە مردن پووچتر و بێ ماناترە، بەڵام لای خەڵکی سادە ژیان بە ئومێدەکانەوە شتێکی گەلێک خۆشە، بە پێچەوانەوە فەیلەسووف نائومێدی ژیان و ئارەزووەکانی بەلاوە گرینگ نییە گرفتی فەیلەسووف نەگەیشتنە بە ئەنجام و نەبوونی وەڵامە بۆ پرسیارەکان، لە رۆژنامە کوردییەکاندا بە بەردەوامی هەواڵی خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان دەخوێنینەوە، ئەگەرچی دەرەنجام و هۆکارەکانی باس ناکرێت، بەڵام نەریت و کولتووری کۆمەڵگەی کوردی و باوکانی کەلەشەق و نەریتی پیاوسالاری هۆکاری خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان و کچانن و مەنگۆڕی و بوختان و تانەوتوانجیش هۆکارێکن بۆ خۆکوژی ژنان، کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەی ئاینی و کولتوورییە و سەدان جۆر عەیبە وخەوشی سنووری بۆ ژن داناوە، ئەو سنوورانەی کە بۆ ژنان دانراون بۆ پیاوان دانەنراون، ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆی نییە بە ئارەزووی خۆی لە هەموو کاتێکدا بچێتە دەرەوە و لە زۆربەی شوێندا بۆیان نییە بە ویستی خۆیان شوو بکەن، نەک لە گوند لە شارە گەورەکاندا، لە ناو بنەماڵە رۆشنبیرەکاندا هەزاران ژن هەیە بە زەلیلی دەژی و مافی دەخورێ و هەزاران کچ هەیە بە ئارەزووی خۆی شوو ناکات و باوکی بێ خەم و توندوتیژ باوەژن و گەمژەیی برا عەقڵ پووتەکان هۆکاری

**گرفتی فەیلەسووف نەگەیشتنە بە ئەنجام و نەبوونی وەڵامە بۆ پرسیارەکان**

**ژیانی ڤانکوخ هێندە گرژ و ئاڵۆز و دەرداوی بوو لە هیچ شوێنێک ئۆقرەی نەدەگرت**

مەنگۆڕبوونی کچانن، لە بنەماڵە ڕۆشنبیر و خوێندەوار و نووسەرەکاندا ئەزیەتی کچان و ژنان دەدرێ، بۆیە ژنان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن، پیاوان بڕێکیان بەهۆی گرفتە کۆمەلایەتییەکانەوە خۆیان دەکوژن ئیتر بە گوللە بێت یان بەخۆهەڵواسین و....
ساڵێک لەمەوبەر لە شاری سلێمانی دوکتۆرێک خۆی کوشت هەندێک لە خەڵکی هۆکارەکەیان گێڕایەوە بۆ دەستکورتی و زیڤاری، دیاردەی خۆکوژی لە کوردستاندا لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕێژەیەک تەشەنەی کرد کە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێت خۆکوژی بەهۆی نەبوونی و گرفتی دەروونی و کێشە کۆمەلایەتییەکان و مادە بێهۆشکەرەکانەوە خۆکوژییە بە هێمنی، هیچگەریی و بێزاری لە ژیانی ڕۆژانە و دووبارەبوونەوە کەمبوونەوەی دیاردەی هاوسەرگیری و نەبوونی بەرنامەی هۆشیاری و کەمی کلینیکی دەروونی و پزیشکی دەروونی و... لە قەزا و ناحییەکاندا خۆکوژی زۆرترە وەک لە شارەکاندا ئەمەش بەهۆی دیاردەی خێڵەکی و نەبوونی بەرنامەی هۆشیاری و دووری و پزیشکی دەروونی لەو جێگا دوورانە و بەهۆی گرفتی کولتووری و ڕێگری لە مرۆڤەکان کە بە ویستی خۆیان بە ئارەزووەکانیان بگەن، کێشەیەکی تری ئێمە ئەوەیە کە پزیشکەکان هەمیشە بە حەب و دەرزی چارەسەری کێشەکان دەکەن و دەرمانیش چارەسەرێکی کاتییە و ئەوپەڕەکەی سێ تا چوار مانگ حوکمی خۆی دەکات و پزیشکەکان دەبێت چارەسەرێکی هۆشیارانە بدۆزنەوە بۆ ئەو گرفتە و حکوومەت و وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پێوەندیدارەکان دەبێت چارەسەرێ بۆ ئەم کێشەیە بکەن لە قەزا و ناحییەکانەوە تا شارەکان، دیاردەی مەی و مادە بێهۆشکەرەکان هۆکارێکە بۆ خۆکوژی، بەداخەوە ئێستا لە کوردستان ڕۆشنبیرەکان بەر لە خەڵکی سادە و نەخوێنەوار و دواکەوتوو خوویان داوە بە مادە بێهۆشکەرەکان، مەی خواردنەوە و مادە بێهۆشکەرەکان لای خەڵکی ڕۆشنبیر بۆ چارەسەری گرفتەکانە بە قسەی خۆیان! کارەسات لێرەوە دەست پێ دەکات کە ڕۆشنبیر و ئەدیب و هونەرمەندان بە مەی و مادە بێهۆشکەرەکان کێشەکانیان چارەسەر دەکەن بەداخەوە ڕاست ناکەن ئەو خووەیان لاساییکردنەوەی نووسەرەکانی ئەوروپایە، ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی ئەوروپا کاتێک دەست بە مەیخواردنەوە و تریاککێشان دەکەن بەهۆی بلیمەتییەوە نییە کە دوا جار شێتیان دەکات و تووشی نەخۆشی دەروونییان دەکات و سەرەنجام خۆیان دەکوژن، زۆرێک لە ڕۆشنبیرەکانی ئێمە لاسایی رووخسار و هەڵسوکەوت و خووی نووسەرانی جیهانی دەکەنەوە، بەلام سوود لە نووسین و بەرهەمەکانیان وەرناگرن، ئەگەر نووسەرەکانمان وەهابن دەبێت نەخوێندەوارەکان چۆن بن؟ ئیتر دیاردەی خۆکوژی چۆن تەشەنە ناسێنێ؟ ڕۆشنبیرێک

نەتوانێ کێشـەی خۆی چارەسـەر بکات کێشـەی خەڵکی چۆن چارەسـەر دەکات؟ ئەدیبەکانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی دنیا کاتێک خوو دەدەنە مەی و تریاک کە خاوەنی بەرهەمی گەلێک ناوازە و گرینگن و ئیتر کە شتێکیان پێ نەماوەتەوە بۆ خەڵکی و پەنا دەبەنە بەر مەستی و تریاک، ئەوانەی لای ئێمە گەنجن و بەهۆی گرفتی دەروونییەوە خۆیان دەکوژن، پیرەکانی ئێمە سەرباری هەرگرفتێک کە هەیانە بیر لە خۆکوژی ناکەونەوە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیرەکانی ئێمە باوەڕیان بە خوا هەیە و خواش خۆکوشتنی حەرام کردووە، مرۆڤە پیرەکانی ئێمە تا ئەندازەیەکی باش ڕێزیان لێ گیراوەو رووحییەن پەروەردە کراون و کەسوکار دەوری پیرەکان چۆڵ ناکەن، بەڵام لە ئەوروپا پیرەکان لە کۆمەڵگە و کەس و کاریان دادەبڕێن نەبوونی ئیمان و نەترسان لە سزای خۆکوژی لای خوا وایان لێ دەکات خۆیان بکوژن، پێشتریش ئیشارەتم پێ دا لە چیرۆکی تۆ تەنیا نیت، پاڵەوانەکە ڤیلە ئەندەرسنە و تەمەنی ٥٧ساڵە و بەهۆی تەنیایی و فەرامۆشییەوە خۆی کوشتووە ئەمە نموونەیەکە لە ڕووداوە خۆکوژەکانی ڕۆژئاوا.

هۆکاری تری خۆکوژی نەخۆشی "سایکۆسس"ە کە دوا جار بەهۆی چارەسەرنەکردنی و فەرامۆشکردنی نەخۆشەکەوە دەبێت بە "شیزۆفرینیا" ئەم جۆرە نەخۆشییە هەندێک کەس وەک بۆماوەیی تووشی دەبێت و هەندێک کەسی تر بەهۆی خەمۆکی و تەنیایی و دابڕان لە کۆمەڵگە و تەنیایی ژوور و تاریکی و خۆخواردنەوەوە تووشی دەبێت و دوا جار بەهۆی جۆرێک لە شێتبوون و هەلوەسەکردن و بیرکردنەوەوە دەگاتە حاڵەتی خۆکوژی، کچانی مەنگۆڕ و دابڕاو لە دەرەوە ودیلکراوی ژوورەکان تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن و ئەوانەی کە خۆیان دەکوژن هەر لەم جۆرە مرۆڤانەن، چارەسەری ئەم جۆرە نەخۆشییانە هۆشیاری پزیشک، دڵنەوایی کەسوکارە بۆ نەخۆشەکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی نەخۆشەکەیە، هەروەها دەرمانەکان دەرمانەکانی ئەم جۆرە نەخۆشییە دەرزی و حەبە، دوو جۆرە دەرمان هەیە بۆ ئەم جۆرە نەخۆشییە هەیە "تایپکەڵکان" دەرمانی کۆنە و خراپ بووە و سوودی نییە، "ئەتایپکەڵکان" دەرمانە سوودبەخشەکانە جا نازانم لە کلینیک و دەرمانخانەکانی ئێمەدا "ئەتایپکەڵکان" دەست دەکەوێت؟، (کلۆزاپین CLOZAPJN) باشترین چارەسەرە بۆ ئەم نەخۆشییە و ئەگەر ئەم دەرمانە نەبێت ئەوا ئەو نەخۆشە لە پاش دەروونێکی ماندوو سەرئەنجام خۆی دەکوژێ، بڕێک لەوانەی کە خۆیان دەکوژن لە ئەنجامی تووشبوونیانە بەم نەخۆشییە ئەم نەخۆشییە و هەندێکیان تووشی حاڵەتی تر دەبن و پەنا بۆ کوشتنی خەڵکی تر دەبەن ئەم جۆرە کەسانە کە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن و کەسێکی وەهمی لە

ناخیاندایە هانیان دەدات بۆ خۆکوشتن و گوشاری دەروونی دێوێکە لە ناخی ئەو مرۆڤانەدا کردەی کوشتن پێ دەگەیەنێ.

جۆرێکی تری خۆکوژی "خۆکوژی فەلسەفییە" یاخۆ مانادار ڤانکوخ و پۆل گۆگان دوو نیگارکێشی ناوداری رۆژئاوان و بیری خۆکوژی ناخی داگیر کردبوون، ڤانکوخ مرۆڤێکی زیڤار دەست کورت بوو تابلۆکانیشی سەرباری ئەو هەموو داهێنان و مەزنێتییە نەدەفرۆشران و ڤانکوخ لە رۆژگاری خۆیدا ناوبانگی دەرنەکرد، هونەرمەندێکی مەزن و گەورە بوو، بەلام فەرامۆش کرابوو، هەیبوو نەیبوو خۆشەویستەکەی بوو ئەویشیان لێ سەندەوە، لە دوای ئەوەی کە ئەو کچەی خۆشەویستی بوو و لێی سەندرایەوە ئەوەندەی تر دەروونی شێوا و نەخۆش کەوت، چوونی بۆ پاریس بە مەبەستی کاری هونەری و فەرامۆشکردنی زیاتر و زۆرتر لە پاریس حاڵی خراپتر بوو، بۆ خۆشی نەخۆشییەکی دەروونی هەبوو ئازاری زۆری دەدا، ژیانی ڤانکوخ هێندە گرژ و ئاڵۆز و دەرداوی بوو لە هیچ شوێنێک ئۆقرەی نەدەگرت پۆل گۆکانیش هەروەها بوو هەردووکیان بێزاری وای لێ کردن کە ژیانی پاریس بە جێ بهێڵن و سەفەر بکەن بۆ ناوچەی "ئارل" تا پشوو بدەن، ئەم دوو هونەرمەندە بێزاری لە ژیان و جۆرێک لە شێتی وای لێ کردن کە بیر لە خۆکوشتنبکەنەوە، بێزاری ئەم دوو هونەرمەندە لە ماتریالیزم و شارستانییەتی ئەوروپا هۆکارێک بوو بۆ خۆکوژی، ڤانکوخ دوا رۆژەکانی ژیانی بە سەردانی پزیشکی دروونی بەسەر برد، خولاسە هۆکاری خۆکوژی لای ڤانکوخ نەخۆشی دەروونی و بێزاریی بوو لە ماتریالیزم و لەخۆی و فەرامۆشکردنی، کەچی لە پاش مردنی ناوبانگی هونەر و داهێنانی ئەو بە دنیادا بلاو بووەوە، بەلام تا لە دنیا بوو مرۆڤێکی نەخۆش بوو، هونەرمەندێکی فەرامۆش کراو بوو، ئیتر بەهۆی فیکری ماتریالیزمی ئەوروپی و شارستانییەتی ئەوروپا و دەورێکی کوشندەوە لە دوای داهێنانێکی سەرسورهێنەر و مەزن و دێرپاوە خۆی کوشت، لە دوای ئەوەی کە خۆی کوشت ناوبانگی بە دنیادا بلاو بووەوە و دنیا ئەوی وەک هونەرمەندێکی مەزن ناسی، هیچگەری و عەزابی ژیان و فەرامۆشکردن ڤانکوخی کوشت.

جۆرێکی تری خۆکوژی خۆکوژی سوکراتە، خۆکوژی لە پێناوی فەلسەفە و فیکری جیاوازدا، سوکرات قوربانی عەقڵییەتێک بوو کە جیاوازی فەلسەفی قبوڵ نەدەکرد و هەرچی سوکراتە خۆی کرد بە قوربانی و ژەهری سەرکەوتنی خواردەوە و ژیان لە پێناو بردنەوەی فەلسەفەدا دۆڕاند، ئیتر ژیانی هیچگەرایی کرد بە قوربانی دێرپایی ناو و ناوبانگ و فیکری خۆی، فردیرک نیچە فەیلەسووفی مەزنی ئەڵمانی ژیانی بۆ فەلسەفە

تەرخان کرد و تراجیدیای کۆتایی نیچەی بەشێتبوون گەیاند و روحی نیچەی پڕ کرد لە هیچگەرایی و هاوکات هیچ مرۆڤێک هێندەی ئەو هەوڵی نەدواوە، لە ماوەی ٥٦ ساڵەی تەمەنیدا چەندین کتێب و بەرهەمی فیکریی پێشکێش بە مرۆڤایەتی کرد سەرباری ئەوەی مردن پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە، بوون تراجیدیایەکە و کۆتایی مرۆڤ وەک سەرەتاکەی روون و ئاشکرایە بەڵام هەڵەکانی نیچە روحێکی دێرپایان بۆ دروست کردبوو، نیچە بە هەوڵ و توانا و داهێنانی توانیی نەمریی خۆی بسەلمێنێ و تا رۆژگاری ئەمڕۆ نیچە زیندووە، وەک خۆی گوتی ئێمە ئەوانەین کە لە دوای مردنەوە لە دایک دەبین، ئەو لە سەردەمی خۆیدا ژیانی پڕ بوو لە ژان و ئێش و ئازار، بلیمەتیی ئەو سەرسوڕهێنەر بوو، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا بوو بە مامۆستای زانکۆ بەبێ ئەوەی نامەی دوکتۆرا پێشکێش بکات و هەر زوو دوژمنانی لە زانکۆ دەریان پەڕاند، هێشتا گەنج بوو خانەنشین کرا، نیچە لە ژیانیدا هیچ لەزەتێکی نەبینی تامی ژیانی نەکرد، تێکشکان و ئازاری عەشقی لۆسالۆمی و عەشقی کۆزیمای ژنی ڤاگنەری هاورێی بەشێکی زۆر ژیانی ئەوی تاڵ کرد و عەزابێکی زۆری چەشت، ژانەسەر و ئێش و ئازار و رشانەوە و چاوکزی و نەخۆشی... سەرەنجام لە پاش دە ساڵ ژیانی شێتی لە ساڵی ١٩٠٠ مرد و شێتی نەیهێشت خۆی بکوژێ بیری خۆکوژی و بیرکردنەوە لە میتافیزیکا و گەڕانەوەی سەرمەدی چارەسەری مردن ئەوی رەشبین کرد و بەرەنجامی ئەو رەشبینییە بوو بە بیرکردنەوە لە چارەسەری تراجیدیای کۆتاییی، ئەفسووس ئەو بیرکردنەوەیە شێتی کرد و لە دوای عەزابێکی زۆر مرد، لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤێکی رەشبین بوو لە کۆتایی بوون بەڵام هەرگیز بەو جۆرە نائومێد نەبووە کە دەستبەرداری فەلسەفە و هەوڵە

**بوونی مرۆڤ ناتەواوە، تراجیدییە بۆیە دەبێت مرۆڤ بۆ مەزن راگرتنی خۆی و دێرپایی خۆی بەردەوام بێت لە هەوڵدان و داهێنان**

**سوکرات قوربانی عەقڵییەتێک بوو کە جیاوازی فەلسەفی قبووڵ نەدەکرد**

فەلسەفییەکانی خۆی ببێت، هیچگەرایی بوونی مایە پووچە، میتافیزیکای هیچگەرایی بوون کە بەرئەنجامێکی تاڵی هەیە و کۆتایی تاڵی بوون وا لە مرۆڤ دەکات بیر لە لە خۆکوژی بکاتەوە، حەتمییەتی مردن تراجیدیای مرۆڤە، میدیاس دەڵێ بەختەوەرترین مرۆڤ ئەوەیە کە هێشتا لە دایک نەبووە، سادقی هیدایەتیش پشتیوانی خەیامی شاعیر دەکات کە گوتوویەتی

( ئەگەر ئەوانەی هێشتا نەهاتوونەتە دنیاوە

دەزانن حاڵمان چییە بە دەست رۆژگارەوە

هەرگیز نایەن).

دوو جۆر تراجیدیا هەیە دوو جۆر حەزی خۆکوژی هەیە ئەوانەی لە ژیان بێزارن و تاڵی و خەم و گرفتەکان بێزاری کردوون، عەزابی ژیان وای لێ کردوون بیر لە خۆکوژی بکەنەوە، ئەوانەی کە تاڵ دەژین و بوونیان بۆ بیرکردنەوە تەرخان کردووە و گەردوون و نهێنییەکانی گەردوون و فەلسەفە و نەگەیشتن بە ئەنجام، نەبوونی وەڵام بۆ پرسیارە فەلسەفییەکان هۆکاری خۆکوشتنی ئەوانە، زۆرێک لەوانە مەرگی پێشوەخت هەڵدەبژێرن وەک بەربەرەکانێ لەگەڵ خوایەکی نادیاردا بە ویستی خۆی خۆی دەکوژێ، سوکرات بە نۆشکردنی ژەهری قەلاجییەت زیندەگی فەلسەفە و مەرگی خۆی هەڵبژارد بە ویستی خۆی، بوون سەرەنجام نەبوونە، کۆتاییەکی تاڵە، بوونێک کە لە نەبوونەوە سەری هەڵداوە واتە بوونێکی تراجیدییە ئەمە هۆکاری خۆکوژی ئەوانەیە کە لەمەڕ بوون و کۆتایی بیرکردنەوە تا چارەسەرێک بۆ بوون و تراژیدیای کۆتایی بدۆزنەوە  و دوا جار بە ویستی خۆیان مەرگ هەڵدەبژێرن، بوونی مرۆڤ ناتەواوە، تراجیدییە بۆیە دەبێت مرۆڤ بۆ مەزن راگرتنی خۆی و دێرپایی خۆی بەردەوام بێت لە هەوڵدان و داهێنان، تراجیدیا لەوەدایە کە مرۆڤ ناتوانێ دەستکاری سەرەتا و کۆتایی خۆی بکات و دەبێت پابەندی قەدەری خۆی بێت برێک لە مرۆڤەکان دەستکاری قەدەری مردن دەکەن بە ویستی خۆیان، خۆیان دەکوژن، بەڵام دیسانەوە کێشە دروست دەبێت مرۆڤ ئەگەر بتوانێت بە ویستی خۆی بمرێت، ئەی چۆن بتوانێت بە ویستی خۆی لە دایک بێت گرفتەکە ئا لێرەوە دروست دەبێت مرۆڤ ناتوانێ بە ویستی خۆی لە دایک بێت، بەڵام دەتوانێ بە ویستی خۆی مردنی خۆی هەڵبژێرێت، لە مردنیشدا کێشە دروست دەبێت، ئیماندارەکان دەڵێن مرۆڤ هەر کاتێک بمرێ لە شەڕدا، بە ویستی خۆی بێت، لە خەودابێت... ویستی خوای لەسەر بووە، کە خۆشیان دەکوژن لای ئیماندارەکان ویستی خوای لەسەر بووە، نیچە دژی میتافیزیکی رووناکبینە و لە وەهای گوت زەردەشتدا

دەڵێ ئەوەی باوەڕی بە دنیای ترە هیچە و دنیای تر هیچێکی ئاسمانییە، ئەوەی باوەڕی بە ئاخیرەت هەیە هیچە و مایەپووچە، فیکری نیچە کوشتنی دەسەڵاتی خەیاڵی خوایە و موقەدەسکردنی مرۆڤە، لای نیچە هەموو شتێک لە ویست و دەسەڵاتی مرۆڤدایە، مرۆڤ خوایە، مرۆڤ چارەنووسی خۆی دیاری دەکات، وەلێ مرۆڤ ناتوانێ چارەنووسی لەدایکبوونی خۆی دیاری بکات و مردنی لە دەسەڵاتی خۆیدایە ئەگەر دەستی بچێتە خوێنی خۆی، بەڵام دیسانەوە خوا دەڵێ هەموو مردنێک تەنانەت ئەوانەی بە ویستی خۆشیان مردن هەڵدەبژێرن لە دەسەڵاتی مندایە، بەڵام مرۆڤی ئازا ئەو کەسەیە کە لە خوا ناترسێ و ترسی دۆزەخ و سزای خوا فەرامۆش دەکات، روح لای کاکەییەکان هەرگیز نامرێ، عیسا لای مەسیحییەکان هەرگیز نامرێ، بەڵام لە دنیای واقیعدا مرۆڤ دەبڕێتەوە، شتێکە و کۆتاییی دێت لێرەوە تراجیدیا دەست پێ دەکات و هیچگەرایی بوون لە بڕانەوەی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات، رۆحە دێرپاکان ئەوانەن کە لە مردندا زیندەگی سەوز دەکەن و لە بڕانەوەدا نەبڕانەوە سەوز دەکەن، هەندێک مرۆڤ هەیە لە قەلاچی و نەزانیدا وەک مردوویەک دەژین و هەندێک مرۆڤ هەیە وەک جەستە مردووە و نەماوە وەک زیرەکی و ناوبانگی پڕ لە داهێنان و توانا و خزمەت بە مرۆڤایەتیدا هەتاهەتایە زیندووە و نامرێ، راکردن لە مردن باوەشکردنە بە مردندا، هەرچی دیوی ئەودیوی بوونە تاریکستانێکە مەترسیدار، هیچگەرایی و روحانییەکان ناویان ناوە میتافیزیکی رووناک بێن، مردن و لە دایکبوونەوەی سروشتیشیان کردووە بە نموونە بۆ ئەو میتافیزیکییە، مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ لە مردن قوتاری بێت، هیچگەرایی لەوەوە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ دەسەڵاتی درێژەدانی نییە بە ژیانی خۆی و بڕێک لەوانەی کە خۆیان دەکوژن کورتی زەمەنی دنیا و ژیان، گوزەرکردنی دوێنێیە و نەگەڕانەوەیەتی ئیتر رەشبینی مرۆڤ لەوێوە دەست پێ دەکات کە بوونی ماوەیەکی زەمەنی کورتە و دەڕوا و ناگەڕێتەوە ئەم رەشبینییە هەندێکیان دەبێتە هۆکاری خۆکوشتن لای مرۆڤ و هەندێکیان دەبێتە هۆکاری دروستبوونی نەخۆشی دەروونی و شیزۆفرینیا، هەندێکیشیان دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام و داهێنان.

خۆکوژی لای ئەدیبەکان زیاتر بەهۆی خەمۆکی و عەزابی دەروونییەوەیە گرفتی ژیان دابڕان لە مەعشوق و رێگری لە ئازادی و هەڵبژاردنی ویست و ئارەزووی مرۆڤ، کەسایەتی ئەدیب چ شاعیر چ چیرۆکنووس، هەروەها هونەرمەند بەهۆی هەستناسکی و خەم و عەزاب و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و گرفتە سیاسی و ئابورییەکانەوە خۆیان دەکوژن، سادقی هیدایەت یەکێ لە چیرۆکنووسانی بەناوبانگی ئێرانە و لەسەر ئاستی ئەوروپاشدا بە یەکێ لە چیرۆکنووسە مەزن و دێرپاکان ناوبانگی دەرکردووە، سادق کوڕی بنەماڵەیەکی

دەوڵەمەند و ئۆرستۆکرات و خاوەن دەسەڵاتە، عەلی قلی خان وەزیری مەعاریف بووە، جەعفەر قلی خان وەزیری عام بووە، مخبر لدوله و مورتەزا قلی خان و تیمسار کەریم و مهدی قلی و سەرگرد سلێمان قلی رەزا قلی خان هیدایەت قلی و.... هتد هەموور ئەمانە پیاوانی دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی سادقی هیدایەتن و لە دەسەڵاتدا بوونە، بەڵام سادق هەر زوو کەسوکار فەرامۆش دەکات و لە بنەماڵەکەی دوور دەکەوێتەوە وەک نووسەرێکی زیڤار و مرۆڤێکی خەمۆک دەژی و ئیتر ژیان لای ئەو دەبێت بە نووسین و خوێندنەوە و تریاککێشان، سادق مرۆڤێکی خەمۆک بووە و هەمیشە بە گاڵتەجاڕییەوە سەیری ژیانی کردووە و بوونی وەک شتێکی مایەپووچ سەیر کردووە و بەردەوام خەیاڵی لای مردن بووە، خۆکوژی هەمیشە لە سەریدا زیندوو بووە و هەمیشە لە هەوڵی خۆکوشتندا بووە، هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەدەبیات و خوێندنەوە و نووسین و گەڕان بە دوای زانیاریدا لە مێژووی ئێران و شێوە نووسینی کۆنی ئێرانی و فۆلکلۆری ئێران و، لە ژێر کاریگەریی کافکا و چیخۆف و مۆپاسان و شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی ریکلەدا بووە، لە چیرۆکی زیندەبەگۆڕدا بانگەشە بۆ کردەی خۆکوژی دەکات و لە چیرۆکی ئابجی خانمدا بانگەشەی خۆکوژی دەکات، خۆکوژی کچە مەنگۆڕێک کە لە شووکردن دواکەوتووە، لەم چیرۆکەدا سادق گوزارشت لە روحی قەیرە کچێک دەکات کە تەنیایی و بێ دۆستی وای لێ کردووە بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە و سەرەنجام لەو پەڕی نائومێدیدا خۆی دەکوژێت خودی سادق لە رەشبینی و پڕوپووچی لە ژیاندا بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە، سادق پێی وابوو ژیان لە دوای پەنجا ساڵیدا شتێکی گاڵتەجاڕە ئەو لە گەنجیدا بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە و لەگەڵ مەرگدا ململانێی دەکرد ئیتر لە پیریدا چۆن خۆی ناکوژێت کە ژیانی بەرەو ریسوایی دەڕۆیشت و پیری هێزی لێ دەبڕی، بیرۆکەی خۆکوژی ژیان و نووسینی سادقی داگیر کردبوو، لە چیرۆکی سێ دڵۆپ خوێندا سادق باسی دوو شێت دەکات کە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، سادقی هیدایەت ژیانی بە مەی و تریاک و حەبی خەو گوزەراندووە، نووسینی ئەو بۆنی مەرگی لێ دێت، زۆر جار گیرفانەکانی خاڵی بووە لەپارە و لە زیڤاری و برسێتیدا سەری خۆی هەڵگرتووە و هەرگیز سەری بۆ کەس دەنەنواندووە و رووی لە کەسوکارە ئۆرستۆکراتەکەی نەکردووەتە، لەگەڵ ئەو هەموو داهێنانەدا کە هەیبووە و چەندین نووسەری مەزن لە ئەدەبیاتی تاریکی ئەوەوە پەرەیان بە داهێنان و ئەدەبی خۆیان داوە، بزورگی عەلەوی و مەحموود دەوڵەت ئابادی و سادق چوبک و جەلال ئال ئەحمەد و.... هەموو ئەمانە لە تاریکخانەی سادقەوە سەریان دەرهێناوە، سادق سەرباری ئەم هەموو ناوبانگ و داهێنان و توانای نووسینە کەچی هێشتا بە سادە و ساکاری لە ژیانی خۆی

دەروانی و هەمیشە گوتوویەتی ژیانی من شتێکی تێدا نییە شایەنی باسکردن بێت، لە ڕاستیدا سادقی هیدایەت هەرچی بەسەرهات و سەرگوزەشتەی ژیانییەتی لە چیرۆکەکانیدا باسی کردووە، ژیانی سادق بیری خۆکوژی و مەرگدۆستییە چیرۆکەکانیشی هەر بیری خۆکوژی و مەرگدۆستییە نائومێدی و زیڤاری ژیانی تاڵ کردبوو، لە سالانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٣٠ ژیانی پڕ بووە لە هەژاری و چەرمەسەری و ڕەشبینی، ڕەشبینی لە گیرانی نووسەرەکان لە ئێران، گیرانی ٥٠ نووسەر و دادگاییکردنیان بە شێوازێکی گاڵتەجاڕی، سادق پیاوی خەبات و بەرگری بوو، ژیانی خۆی بۆ ئازادی تەرخان کردووە و خۆی خستووەتە تالوکەوە بەهۆکاری گرژیی سیاسەت و خراپەکاری دەسەلات نائومێدی ژیانی سادقی تەنی بوو " پەیامی کافکا" نائومێدی سادقە لە ژیان و خراپەکاری بێ ڕەحمی رامیاری سادقی هیدایەت بەهەشت و دۆزەخ بە هی ئەم دونیایە دەزانێ و پێی وایە کە بەهەشت و دۆزەخ هەر لەسەر زەوییە و دنیای سەر زەوی بەسەر ئەو مرۆڤانەدا دابەش بووە کە زیڤار و دەوڵەمەندن و شادمان و خەمبارن وەک خۆی دەڵێ بەهەشت و دۆزەخ لەم دنیایەدایە، ئەم دنیایە بۆ هەندێک بەهەشتە و بۆ هەندێک دۆزەخە.

سادقی کوڕە ئاغا و دووژمنی سەرسەختی ئاغا لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا لە پاریس لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشت، خۆکوشتنی سادقی هیدایەت هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بێزاریی لە ژیان و پڕوپووچی ژیان لای سادق و جەربەزەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری هۆکاری سەرەکی بێزاری لە ژیان و پڕوپووچی ژیان لای سادق و جەزرەبەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری هۆکاری سەرەکی بێزاری بوو لە ژیانی پیری، ڕاستگۆیانە لەگەڵ نووسین خۆیدا مامەڵەی کرد و کوشتنی خودی خۆشی وەک حاڵەتی کوشتنەکانی نێو چیرۆکەکانی بوو.

فروغی فروخزاد شاعیری ناوداری ئێرانی ئەگەرچی خۆی نەکوشت و بەکارەساتی ئۆتۆمۆبیل مرد، وەلێ شیعرەکانی، نامەکانی ژیانی لێوانلێو بوو لە مەرگ و بێزاری و خەم و هەڵچوونی دەروونی و خۆکوژی، فروغ لە شیعرەکانیدا بۆنی مەرگ دێت و خەم و جەزرەبەی ژنێتیی خۆی نیگار کردووە، فروغ ئەگەر بەو کارەساتەش نەمردایە لە داهاتوودا هەر خۆی دەکوشت، بیزاری لە ژیان و دابڕان و شکستی پرۆسەی هاوسەرگیری و نەخۆشی دەروونی و خەوتنی لە بیمارستان دەرکەوتەکانی خۆکوشتن، عەزابی ژنێتی و ماندوویی لە ژیان و گوشاری دەسەلاتی پیاو، باوک و تەنیایی سەرچاوەی شیعری ئەون، فروغ نیگاری میحنەت و عەزابی ژنانی وڵاتی خۆی دەکات، لە ژنێتی خۆیەوە بۆ ژنانی ئێران، فروغ بوو بەزمانحاڵی ژنە جەزرەبەدارەکان ئێران، بۆیە فروغ ئەگەر بەو کارەساتەش

نەمردایە بەدڵنیاییەوە خۆی دەکوشت، ئەو نەخۆشییە دەروونییەی کە وای لێ کرد لە بیمارستان بکەوێت دەروازەی خۆ کوشتن بوو لای فروغ، ئەرستۆ دەڵێ کەسانی شاعیر و زانا و ئەدیب و فەیلەسووف خۆیان دەکوژن بەهۆی دەردی دەروونی و کێشە و رەشبینی لە ژیان و دنیا.

ئەنتۆنیا بۆتسی شاعیر لە دوای ئەوەی بنەماڵەکەی نەیانهێشت بەو پیاوە بگات کە عاشقی خۆیەتی لەبەرئەوەی زیڤار بوو ئەنتۆنیا بۆتسی خۆی کوشت، شکستی عەشق وای لێ کرد خۆی بکوژێ، فلۆر بیلائیسپانیکا بەهۆی لە دەستدانی دایکی و منداڵەکەیەوە خۆی فرێ دایە ژێر شەمەندەفەرەوە، ئەنگبورک باخمان ژنە شاعیری تریاکی بەهۆی گرفتی دەروونی و فیکرەی جودییەتەوە کە دەروونی رەش کردبوو خۆی کوشت، ڤێرجینا وۆڵف لە بێزاریی ژیاندا خۆی کوشت، ئەمانە و چەندین شاعیری ژن بەهۆی گرفتەکانی ژیان و کوشتنی ئارەزووەکانیان خۆیان کوشت، ژن هەر بۆ خۆی روحدارێکی ناسکە و بەرگەی ئازار ناگرێ و کۆمەڵگەش یاساکانی وەها دارشتووە کە ژنان دەبێت ئاگەداری ژنێتی خۆیان بن و لە ژێر رکێفی پیاواندا بن وەک گوتم ژنان خاوەن روحێکی ناسکن و لە بەرانبەر زوڵم و جەزرەبەدا زوو توورە دەبن بەڵام ئەو توورەبوونە بۆ بەرپەرچدانەوەی زاڵم نییە بگرە بەگژداچوونەوەی زوڵم لێ کراوە، بەگژچوونەوەی بۆ دژایەتی ژن خۆی خۆکوژی ژن زوڵمە لە مەزڵومی خودی خۆی، ژن بەو ناسکییەوە شاعیریش بێت ئەوا ئیتر هەر بەرگەی عەزاب ناگرێ، خۆسووتاندن، خۆخنکاندن، ژەهرخواردن، حەبخواردن.... هەموو ئەم شێوە خۆکوشتنانە ژنانەیە بەڵام بە موتڵەقی نا زۆربەی جار ژنان بەم جۆرانە خۆیان دەکوژن، ژنان هەمیشە ژیاندۆستن زۆر بە کەمی حەزیان لە شەڕ و ئاژاوەیە زۆریش دەترسن لە مەرگ، لەبەر ئەوە کاتێک ژنێک خۆی دەکوژێت هێندەی سەرە دەرزییەک ئومێدی بە ژیان نەماوە و ژیانی پڕێتی لە نائومێدی و هەرچی هیوا و ماف و ئارەزووەکانییەتی خراوەتە ژێر گڵەوە، تروسکاییی ئومێد و خۆشبەختی شک نابات و ژیانی تاریکخانەیەکە و مەرگ رۆشنتر دێتە پێش چاوی.

ژیان و زەمەن گەلێک سەیرە ئەمرۆکە تێپەڕی هیچ هێزێک نییە بیگێڕێتەوە دواوە، کێ دەتوانێ ئێمە بگێڕێتەوە دواوە بۆ رۆژێک بەر لە ئێستا؟ ژیانی مرۆڤێک چەند درێژدادرێت هەر کۆتاییی دێت، ئەمە حەقیقەتێکە هەموو مرۆڤێک زۆر بە باشی دەیزانێ و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە مرۆڤەکان وەها مامەڵە لەگەڵ ژیاندا دەکەن کە هەرگیز کۆتایی نایات، زەمەنیش وەها تیژ دەڕوات کە بەچاو نابینرێ، نوح لە هەموو مرۆڤێک زیاتر ژیاوە کەچی کاتێ لەمەڕ ژیان پرسیاری لێ دەکەن " دەڵێت وا هەست دەکەم لە دەرگەیەک هاتوومەتە

ژوور و له دەرگـەیەکـەوە چوومـەتە دەرەوە" نوح وەها باسـی ئەو دوو دەرگـەیە دەکـات کـە نێوانیـان چرکەسـاتێک بێت، یاخۆ هـەنگاوێک بێت، بڕوانە نۆ سـەد سـاڵ و زیاتر هـەزاران سـاڵ چەند زوو تێ دەپەڕێ ! وەلێ دەقـێک، داهێنانێک، زانستی زانایەک تا ئەبەدییـەت تا دنیا دنیایە دەژی و کۆتایی نایات و سـەدان تەفسیری بۆ دەکرێت و دەبێتە سـەرچاوە بۆ داهێنانی تر و زانست و ئەدەب و مەعریفەی تر هیچ مرۆڤێک ناتوانێ لە مەرگ قوتار بێت و هیچ هـێزێک نییـە لە دنیـا و لە دەرەوەی دنیا و گـەردووندا بتـوانێ دەقـێک، داهێنـانێک، فەلسـەفەیەک.... لەناو ببات، بوونی ئێمـە وەک جەسـتە چرکەساتێکە، بە بێ ئەوەی خـۆمان بزانین زۆر بەخێرایی بەرەو رووی مردن دەچین و خۆشی و لەزەت و تاڵی و نەهامـەتی ژیان مـەسـتی کـردووین کـاتێک بە ئاگـا دێینەوە گـوریسی ژیانمان قـرتاوە و لە نـاو دەمی دێوێکداین، دێوێک کە ترسناک و رەشە رووخسارێکی تاریکی هەیە، ئیتر جیاوازیی نێوان ئەوەی کە ئێستا خۆی دەکوژێت و ئەوەی چاوەڕوانی پیری و مردنی دوور دەکات ئەگەر هەزار سـاڵیش بێت بە چرکەسـاتێک تێ دەپەڕێ، مردن وا بەسـەر سەری مرۆڤـەوەیە، بەڵام جوانی و داهێنان و هەوڵە مەعریفی و ئەدەبی و مرۆڤایەتییەکان بەسـەر سەری مردنەوەن.


سەرچاوەکان:

١- نیتشە و پاش تازەگەریی نووسینی دوکتۆر کەمال محەمەد
٢- مەرگی من رۆژێک فروغ فرخزاد وەرگێڕانی مەریوان هەڵبجەیی
٣- گۆڵبژێرێک لە چیرۆکەکانی سادقی هیدایەت وەرگێڕانی عەلی نانەوا زادە
٤- سادقی هیدایەت لە ناو تۆڕی عەنکەبووتدا زمناکۆ بورهان قانع
٥- ئۆدیوی مەرگ حەمە کەریم عارف
٦- هونەری شێوەکاری مۆدێرن نووسینی گارا
٧- وەهای گوت زەردەشت (نیچە)
٨- بەرنامەی کەوانە گفتوگۆ لەگەڵ سامان سیوەیلی سەتەلایەتی گەلی کوردستان شەوی ٢ شەممە ٣٠ی مانگی ٢٠٠٨
٩- کۆواری سەردەمی رەخنە: ژمارە ٣ نووسینی مەریوانی وریا قانیع لاپەڕە ٥٥
١٠- دیاردەگەرایی و تاراوگە رێبوار سیوەیلی
١١- رۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٢٩٥
١٢- پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ٦٠١
١٣- رەخنەی چاودێر ژمارە ١٠٢
١٤- رەخنەی چاودێر ژمارە ١١٧ خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (سیجیء الموت و ستکون لە عیناک)
١٥- رەخنەی چاودێر ژمارە ١٠١
١٦- چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق بەشی یەکەم نووسیار عەلی وەردی